

# بۆ هەموو ئەوانەی ئەم نوسینە ئەبێتە ئاوێنەیان

عەلی عەبدولکەریم

سوید-2005

ali_abdulkarem@yahoo.se

من کە پەرداخێک ئاو دەخۆمەوە، کەمێک لە پەرداخەکەش رادەمێنم . هەر ئەوەشە باریهێناوم لە پەرداخی روندا چا بخۆمەوە ، چونکە بینینی چاکە لەزەتێکی زێترم پێدەبەخشیٚ. تۆ کە خۆشترین شەرابی ئەم مەملەکەتە دەخۆیتەوە ، بۆ تەنها ساتێکیش لە مرۆڤەکانی رانامێنی ؟. لەگەڵ تۆمە ، ئا ئا لەگەڵ تۆ. سەرت نەوی مەکە و خۆت لە گێلی مەدە تا وا باوەڕ بە خۆت بێنی کە لەگەڵ تۆم نیە. هەموومان بە بچوکی لەدایک بوین ، وەلیٚ تۆ ئائەلعانەش ئەوەندە بچوکی ، من لێرەوە دڵم پێت دەسوتیٚ. تۆ چون دەبدەبەیەکی فوتێکراوی ، بە تەنها دەرزیەک، دەرزەنێکتان لە یەک کیسەی بچکۆلەدا جێگاتان دەبێتەوە .

من کتێب بۆیە دەخوێنمەوە تا شتێکی تازەی لیٚ فێرببم . مەخابن تۆ دەخوێنیەوە تا زمانتی پیٚ چەور بکەی . ئەزانی ئەگەر نوسەری کتێبەکان بەم نهێنیە بزانن ، کتێبەکانیان خڕدەکەنەوە و دەیانسوتێنن . سەرت نەوی مەکە ، ئەزانم ئێستا پێت وایە لەگەڵ کەسێکی تر دەدوێم ، بەڵام بەڕاستی لەگەڵ تۆمە. بەلیٚ تۆ ، تۆیەک کە پێت وایە زۆر گەورەیت و زۆر شتت لەدەست دێت ، بەڵام کۆیلەیەکی ئەوەندە داماوی کە پیاوە گرگنەکان دێن ، تۆ دەبێت جوت پیٚ و وەک ئەوەی هەر بە پێوە لەدایک بوبیت ، چون پەیکەری مەیدانەکان ، ڕەق و ڕاست دەوەستی و جگە لە هەناسەیەکی ترسنۆکانە نەبیٚ هیچی ترت لێنابیستریٚ . تۆ تاکە یەک جاریش لە خۆتت پرسیوە ئەم هەموو بچوک بونەوەیە ، ئەم هەموو خۆبەهیچ زانینە لە کوێوە فێر بویت . تۆ لە باری تیۆری و لە بەرامبەر خەلکدا چەندە خۆت بە زلرۆشنبیر دەزانیت ، لە ئاست ئەوانی نەخوێنەواردا چەندین ئەوەندە زەلیل و ڕوتەڵەی.

کۆیلە پێی وایە دنیا هەر بەو جۆرەیە کە ئێستا هەیە ، ئاخر بۆیە بۆی سەختە ، تەنانەت ناتوانیٚ بیر لە فڕین بکاتەوە . تۆش کۆیلەی ، وەلیٚ هی سەدە کۆنەکان نیت . تۆ قات دەپۆشی ، قۆنەرە و قەمەرەی تازە بەکاردەهێنیت ، قەلەم و مێز و کۆمپیوتەرت هەیە ، وەلیٚ هەر هەویت . تۆ گوناهێکی سەدەی تازەی ، تۆ دەتەوێت ئەوانەیشی کە دەمێکە فڕین بوەتە پیشەیان بیانهێنیەوە ناو قەفەسی ڕەنگینی گرگنەکان ، ڕێک چون خۆت و ئێستات .

لەگەڵ تۆمە و مەیبە سەر کەسی تر . ئا تۆ ، تۆیەک کە هەرچی ببێتە باو ، کت و مت تۆش دەبیە ئەوە . بۆیە زیاتر لە سێبەر دەچیت وەک ئەوەی لە خۆت بچیت ، بۆیە ڕەنگە لە ئێستا بەدواوە ناوت بنێم سێبەر . دەمێکە دەتناسم و دەتخوێنمەوە ، تا ئێستاش بۆم مەعلوم نەبوە کە چیت . لە ناو ڕاستەکان چەپیت ، لە ناو چەپەکانیش ڕاست . لە لای شاعیرەکاندا سیاسیت ، لە ناو سیاسیەکانیشدا ڕۆشنبیریت ، هیچیشیان نیت ، بەڵام تۆ لەگەڵ شەپۆلی ئەوە دەڕۆیت کە خەزێنەکەی لایە . ئاخر تۆ هەمیشە کوری

ڕۆژیت ، بۆیە یەقینم هەیە هیچ شتێکت بە هەند وەرنەگرتوە ، تەنانەت خۆشت . ئەگەرنا خۆتت ئەوەندە بچوک نەدەکردەوە .

تۆ شیعرنوس و کتێبنوس و سیاسەتنوس و کۆڕگێڕ و زۆر بەزموبالۆرەنوسی تریشی ، بەڵام ڕۆژی مردنی خۆت و هەموو ئەوانەت یەک ڕۆژە . ئاخر ئەوانە لە ناخێکی پڕ لە میهر و خۆشەویستیەوە بۆ مرۆڤەکان نەهاتونەتە بوون ، ئەوانە هەریەکەیانت وەک قەدەمی پێپلکانەیەک ساز کردوە تا بە وەهمی خۆت پێیاندا بچیتە بان بۆ کۆڕی خواردنەوەی خوێن . تۆ گوناحی ، تۆ ئەوەندە خۆت بچوک کردۆتەوە خەریکە دەبیە هیچ. لەگەڵ تۆمە لامەکەرەوە بۆ پشتەوەت تا وای نیشان بدەی کە لەگەڵ تۆم نیە . ئەمە بخوێنەوە نامەی دوەمیشت بۆ دەنوسم .